# سروشت لەقورئاندا

ملا حسن قادیانەیی
qadiyani@gmail.com

## زەوی



دیارەقورئانی پیرۆز ئەم پەرتوکە پیرۆزوبەنرخەیە کەئێمەی موسولمان تادونیادونیایە پاداش وەردەگرین لەسەرخوێندنەوەو کارپێ کردنی چونکە پەرتەکێکی سەرتاپا ئاسمانیە و لەلایەن خوداوە هاتوە بۆتێکڕای مرۆڤایەتی وکۆتایی پەرتوکە ئاسمانیەکانە ودەبێ بشێ بۆ هەموسەردەمێك ونەوەیەك هەربۆیە تەحەدای هەرسەر هەلدانێك دەكات لەهەر سەردەمێکەوە بێت دیارە لەسەردەمی .پێغەمبەر.دخ.لایەنی زمانەوانیوڕەوانبێژی خالی دیاری ڕکەبەری ئەعجازی قورئان بوە لە سەردەمی ئەمڕۆش زانستە نوێکان کەوتونەتە مەیدانو زانا ماد دیەکان بەتایبەت لەڕۆژئاوادا زۆرجار ویستویانە خۆ هەلکشان بکەن بەدەر خستنی چەندزانیاریەك جالەهەربوارێکەوەبێت کەبەلای ئەوانەوەتازەیە بەلام کەڕوبەڕوی زاناقورئان زانەکان دەبنەوە بەدیار دەکەوێت کە زۆرپێش ئەوان قورئان دەرکی بەم ڕاستیانەکردوە . جامن لێرەدا هەندێك لەم ڕاستیانە دەخەمە ڕوبۆزیاتر باوەڕبەهێز بون بەم قورئانەو مەزنایەتی پەر وەردیگار . بۆتەوەری ئەمجارەمان زەویمان هەلبژاردوە

زەوی کەسێ هەمین ئەستێرەی کۆمەلەی ڕۆژە وخودا ئێمەی لەسەر نیشتەجێ کردوە پرپە تی لەوردەکاریو دەست ڕەنگینیو شتی سەرسوڕ هێنەر کەهەندێکیان ئاشکراو هەندێکیشیان شاراوەن وپێویستیان بە لێکۆلینەوە هەیە هەر وەك خوادەفەرموێت {وفی الارض ایات للموقنین} الذاریات 20

### سەرەتای دروست بونی زەویوئاسمانەکان



زۆرفەرمایشتی قورئانی هەن مرۆڤ دەدەن کەبیرلەچۆنیەتیدروستبونوجیابونەوەو وردەکاریەکانی زەویوبونەوەربدەن هەروەك دەفەرموێ{ قل سیروا فیالارض فانظروا کیف بدأ الخلق .....العنکبوت .21.}لەم فەرمودەیەدا پەروەردیگار ئاماژەیڕاستەو خۆمان پێدەکات کەئێمە تێڕمانینولێکۆلینەوەیوردبکەین لەبونەوەردا هاوکات ئەوخۆیئاماژەی بەزۆرشت داوە بۆنمونە باسی قۆناغی یەکەمیکەون دەکاتودەفەرمێ{اولم یری الذین کفروا ان السموات والارض کانتارتقا ففتقناهما وجعلنا منالماء کل شیْ حي افلا یؤمنون. الانبیاء.30.}واتا ئایە بێباوەڕەکان نابینن کەزەویوئاسمانەکان یەك پارچەبونو ئێمەجیامانکردنەوە. پەروەردیگار بەڕونی باس لەوەدەکات کەسەرەتا زەیوئاسمانەکانومانگوڕۆژو هەرچیهەیە یەك پارچەبونو یەك پێك هاتیان هەیە .چونکە وشەی .رەتق.هەروەك ئیبن عباسی قورئان زاندەفەرموێ واتە..یەك شت بون بەئەندازەیەك بۆشایی لەنێوانیان دانەبێ. کاتێك سەیری زانستی نوێدەکەیت زۆربەڕونی ئەم دەقەقورئانیانە پشت ڕاست دەکاتەوە .بەپێی ئەوڕاگەیاندنەی بەڕێو بەرایەتیئاسمانی ئەمریکی ناسراوبە(ناسا) کردی سالی 1929

دەڵێ:هەمو لێکۆڵینەوەکات ئەوەدەردەخەن کەئەم بونەوەرە سەرەتایەکی هەیە کەپێی‌دەگوترێت (لێدانی گەورە)big bang وەدەلێت ئەو مادەخاوانەی کەزەویان لێ‌پێك هاتوە هەمان مادەی پێك هاتەی‌ئەستێرەکانن .هەروەك (ناسا) ساڵی1989 هەلسا بەناردنی کەشتیەکی ئاسمانی بۆلێکۆلینەوە لەباگراوەندی تیشکی کەونو لێك جیاکردنەوەی مادەکان دواترهەلسا بەوێنەگرتنی پاشماوەی ئەودوکەلەی کەلەئەنجامی تەقینەوەی لێك جیابونەوەی بونەوەر هاتەکایەوە هەروەك قورئان باسی‌ئەم دوکەلەمان بۆدەکاتودەفەرموێت(ثم استوی الی السماء و هی‌دخان...)


## خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا .



{وتری الجبال تحسبها جامدة و هی تمر مر السحاب}النمل 88 ئەگەرچی لەکۆنەوە زانایان وای‌بۆ چوبون کەزەوی جێگیرەو بێ‌جولەیە وەکو{بتلیمۆس‌وئەرستۆ}کەچی‌دوای ئەوان فەیلەسوفی یۆنانی .فیساغۆرس.بیرۆکەی خولانەوەی‌زەوی خستە ئاراوە کەچی نەی توانی ئەم بیرۆکەیە بەبەلگە بسەلمێنێ تاکو زانای ئیتالی .غالیلۆجالیلی.لەکۆتایەکانی چەرخی شازدەهەم لەرێگەی دووربینی ئاسمانیەوە توانی دەرك بەم راستیەبکات لەدوای ئەویش زانا.کیلر.لەچەرخی حەڤدەهەم برەوی بەم زانستەدا .کەچی بەرلە ئوانخوای‌گەورە لەمفەرمودەی سەرەوە ئەمراستیەی باسکردوە کەلەم فەرمودەدائاماژەبۆ ئەوەدەکات کەئەگەرچی ئێوەوادەزانن ئەم هەموشاخانەی سەرزەوی وەستاون‌وجولەیان نیەبەلام لەراستی‌دا وانیە ئەوان لەجولەو خێراییی بەردەوامدان خێرایەکەشیان لەخێرایی هەوردەچێت کاتێك بالێی‌دەدات واتە چۆن هەوروەستاوە بەلام بەهۆی لێدانی باوە دەجولێت‌وخێرادەبێت وخێرایەکەی هی‌بایە ئاواش چیاکان خۆیان وەستاون بەلام بەهۆی‌خولانەوەی‌خێرای زەوی‌ئەوانیش دەخولێنەوە وەئەم سورانەوەیان بەسراوەتەوە بەسورانەوەی زەوی‌کاتێك بەدەوری‌خۆیدادەسورێتەوە.

لەفەرمایشتێکی تردادەفەرموێ {یکور اللیل علی النهار ویکور النهار علی اللیل.الزمر5 }واتە. خودائەم خودایە شەوبەسەرڕۆژدادێنێ ورۆژیش بەسەرشەو .خۆئەگەر زەوی‌جێگیربوایەو لەخولانەوەی بەردەوام دانەبوایە ئەواشەووڕۆژدروست نەئەبو بەلکو نیوەی زەوی‌بەبەردەوامی شەودەبو نیوەیش بەبەردەوامی‌ڕۆژ دەبو بەلام بەهۆی‌ئەم خولانەوەیە شەوڕۆژمان بۆدروستدەبێ کەلەماوەی 23سعات‌و56 دەقیقەو4 سانیە جارێك بەدەوری‌خۆیا دەسورێتەوە کەخێرای‌سورانەوەکەی لەهێلی ناوەڕاست دەگاتە.1670 کم لەکاتژمێرێکدا.

## خولانەوەی دوەمی زەوی بەدەوری رۆژدا




هەروەك زەوی لەشەووڕۆژێکدا جارێك بەدەوری خۆیدادەسورێتەوە زۆربەهێواش تر لەساڵێکدا جارێك بەدەوری ڕۆژدادەسورێتەوە کەئەم سورانەوەشی دەبێتە هۆی پێك هێنانی چواروەرزی‌ساڵ هەروەك لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆکراوەو زانستی نوێش دانی پێداناوە کەکاتێك زەوی بەدەوری ڕۆژدادەسورێتەوە شێوازی هێلکەیی لەخۆدەگرێت نەك تۆپاوی .وەبۆدروست

کردنی چواروەرزی سال کـاتێکزەوی لـەڕۆژەوەدورە زسـتـان دروسـتـدەبیٚو کـەنزیکتر دەبێتـەوە بـەهارەو زۆرنزیـك هاوینەو کەمێك دورترپایزە قورئان دەفەرمیٚ(الم تران اللہ انزل من السماء ماء فسلکه ینابیع فی الارض ثم یخرج به زرعا مختلفا الوانه ثم یهیج فتراه مصفرا ثم یجعله حطاما ان فی ذالك لذکری لأولی الالباب..الزمر 21 )

## ناوەڕاستی زەوی

ڕنگـە زۆرێـك لەئێمـە بیرمـان لەوەنـە کردبێتـەوە کەبۆچـی خـودای گـەورە شـاری(مەکـەیپیرۆزی)هەلبـژارد بۆدانانی(کەعبە)لەویٚ کەچی دواسەرقالیە کی زۆری زانایانی جـوگرافی زان تـوانرا بگەنەئەو ئەنجامەی کەشاری مەککە کەوتۆتە ناوەڕاستی وشکاییزەوی .ئەمە دوای ئەوەهات کە د.حسین کمال الدین مسری خۆی دەلیٚ: مـن زۆربـیرم لـەوەدەکردەوە کەموسولمانان لەتێکڕای جیهاندا چۆن بتوانن ڕوگە(قیبلـە)ی خۆیـان بۆنوێـژکردن بدۆزنەوە بۆئەم مەبەستە هەلسام بەدەسپیٚکردنی نەخشەیەکی گۆیزەوی لەڕێگەی چـەندین ئـامێری پێشـکەوتوی ئـەلیکترۆنی بـۆزانینی دوریەکـەی کەعبـە لەشوێنەکانیتری جیهان لەناکاوێك سەیردەکەم (کعبە)بەدانانی خـودا ناوەڕاستی وشکاییزەویدەرچـوو(وکـذالك اوحینـا الیـك قرانـا عربیـا لتنـذر ام القـری ومـن حولهـا وتنذریوم الجمع لاریب فیه فریق فیالجنة وفریق فیالسعیر.الشوری.7.)


picture 10

## نزمترین شوێن لەسەرزەوی

تازەمـەن بەسـەری دابـڕواتو تازانسـت بـەرەو پـێش بچێتولێکۆلینەوەی زیـاتر بکرێـت موعجیزەکـانی قورئـان باشـتروزیاتر دەردەکـەون .شـێخ عبدالمجیـد زەنـدانیدەلیٚ:کاتێـك لەیـەکێك لەکۆنفراسـەکان گەیشتم بەپڕۆفیسـۆر (پالمـا)مامۆسـتای زانسـتە جیۆلۆجیـەکان لـە ئـەمریکا – کەنمونەیـەکی لـەو نەخشـەیە پیٚبوسـەبارەت بەبەرزیونزمیزەویوئەنـدازەیقولی دەریاکـان ویسـتم پرسـیاریلێبکەم سـەبارەت بـەنزمترین شـوێن لەسـەرزەوی وگـوتم:لایئێمـەی موسـولمان ئایـەتێك هەیەلـەقورئانیپیرۆز ئاماژەبۆئـەوەدەکات کەناوچـەی (بیـت المقدس)نزمترینشوێنە لەسەرزەوی کەجەنگی بەناوبانگینێوان فارسوڕۆمەکان لەویٚڕوویدا کەدەفەرموێت(الم غلبت الـروم فیادنـی الارض وهـم مـن بعد غلـبهم سیغلبون )وشـەی.ادنـی.واتـە نـزمترین .گـوتم :ئایەئـەم ڕاسـتیە لای ئێوەئاماژەیپێدراوە دەلیٚ ئەوزۆر بەلایەوە سەیربو کەمن ئەم شتەم باسکرد یەکەم جارویستی نکۆلی بکات چـونکە ئـەودوای مانـدەبونێکی زۆر ئـەم ڕاسـتیەیبۆدەرکەوتبو کەچیمنوابەئاسـانی بـۆی باسـدەکەم هـەم لەبـەر ئـەوەی لەقورئانیش دابو حەزینەدەکرد دەرك بەم ڕاستیەوەبکات بەلام مـن مکوڕبـوم وگـوتم منـدلنیام لـەم ڕاسـتیە بـەلام حەزدەکەمتەنهائـەوەبزنم کەزانستـەکەی ئێوەچـیدەلیٚ .کەسـەیری نەخشـەکەمان کردبینـی مـان سـەهمێکی درێـژ بەسەرناوچـەی (بیـت المقـدس) کرابوولەسـەری نوسـرابو.نـزمترین شـوێن لەسـەرزەویدا.پاكوگـەورەیی بۆپـەروەردیگارلەسەر ئەم هەموردەکاریانە کەکردونی

---

1- الاعجاز العلمی فیالقران. مازن مغایری
2- الاعجاز القرانی فی ضوء الاکتشافات العلمي الحدیث .مروان وحید شعبان التفتنازی
3- الموسوعة الذهبیة فیاعجاز القران الکریم والسنة النبویة .د.احمد مصطفی متولی
4- موسوعة الاعجاز العلمی فی القران الکریم والسنةالمطهرة.یوسف الحاج احمد